گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان
ISSN (Print):2218-0222
ISSN (Online): 2412-396X

Vol.28 Issue SpC 2024
ID No. 1824 (PP94-115)
https://doi.org/10.21271/zjhs.28.SpC.6

توێژینەوە

# مێتافۆڕی چەمکیی پێوانەکردنی کات لە زمانی کوردیدا (زاری ناوەڕاست بە نمونە)

**گوڵچین عزیز محمدامین/** بەشی زمانی کوردی، فاکەلتی ئاداب، زانکۆی سۆران- سۆران، هەرێمی کوردستان- عێراق

**قیس کاکل تۆفیق/** بەشی زمانی کوردی، فاکەلتی ئاداب، زانکۆی سۆران- سۆران، هەرێمی کوردستان- عێراق

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (مێتافۆڕی چەمکیی پێوانەکردنی کات لە زمانی کوردیدا)یە. هەوڵێکە بۆ نیشاندانی تێڕوانین و دنیابینی کورد، سەبارەت بە پێوانەکردنی کات وەك چەمکێکی مەعریفی، لە چوارچێوەی مێتافۆڕی چەمکی لە زمانی کوردیدا. تیایدا ئاماژە بە نەخشەی وێنەیی(schema) چەمکی کات وەك شوێن کراوە لەگەڵ چۆنییەتی دەرکەوتنی چەمکی ئەبستراکتی کات لە فۆڕمی کۆنکریتی (شت، جوڵە و چەندێتی) لە زمانی کوردیدا.

داتای توێژینەوەکە لە ئاخاوتنی ئاسایی ئاخێوەرانی زمانی کوردی-زاری ناوەڕاست وەرگیراوە و لە شیکردنەوەیاندا پشت بە تیۆری نەخشەی وێنەیی(schema)، نەخشەکێشان (mapping) بەستراوە، کە لە لایەن (لاکۆف و جۆنسن)ەوە لە چوارچێوەی قوتابخانەی زمانەوانی/سیمانتیکی مەعریفییەوە خرانەڕوو، لە هەمان کاتدا ئاماژە بە چۆنییەتی ڕەنگدانەوەی ئەزمونی تاك (وەك تێڕوانینی سەرەکی قوتابخانەی سیمانتیکی مەعریفی)و بنەمای پێکهێنانی نەخشەی وێنەیی لە سیستەمی هزری تاکی کورد و ڕەنگدانەوەی لە ئاخاوتنەکانیدا کراوە دواتر بە پەیڕەوکردنی ڕێبازی وەسفی شیکاری خراونەتە بەر لێکدانەوە.

ئامانجی توێژینەوە خستنەڕوی دنیابینی کوردە سەبارەت بە پێوانەکردنی کات و تێڕوانینی بۆ هاوکێشەی جیهانی کات-شوێن، لەم ڕێگەیەشەوە توێژینەوەکە گەیشتە ئەو ئەنجامەی، کە لە زمانی کوردیدا بەشێوەیەکی فراوان پشت بە یەکە مێتافۆڕییەکانی زمان بۆ پێوانەکردنی کات دەبەسترێت، هەروەها بە تەواوی هاوکێشەی کات-شوێن لەگەڵ زمانی کوردی دەگونجێت، بەمەش کات وەك شتێك و شوێنێکی دیاریکراو زۆرینەی تایبەتمەندییەکانی شت/مرۆڤ –زیندو وەردەگرێت و دەتوانرێت وەك یەکەیەکی کۆنکریتی بڕ و ڕێژە، دوری و نزیکیەکەشی دەستنیشان بکرێت.

CORRSPONDANCE
گوڵچین عزیز محمدامین
gulchin.muhammadamin@soran.edu.iq

وەرگرتن 2024/03/02
پەسندکردن 2024/05/04
بڵاوکردنەوە 2024/12/15

**وشە سەرەکییەکان:**
سیمانتیکی مەعریفی،
مێتافۆڕی چەمکی کات،
پێوانەکردن،
کات/شوێن-جوڵە-چەندێتی.

**About the Journal**

Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

**پێشەکی:**

**ناونیشانی توێژینەوەکە:** توێژینەکە بە ناونیشانی (مێتافۆڕی چەمکی پێوانەکردنی کات لە زمانی کوردیدا)یە. تیایدا تیشک خراوەتە سەر چۆنیەتی بە چەمککردن و پێوانەکردنی کات لە زمانی کوردیدا.

**هۆی هەڵبژاردنی بابەت:** هەرچەندە ئەم بابەتە بابەتێکی بڵاوە، بەڵام تا ئێستا هیچ توێژینەوەیەکی تایبەتمەند بە مێتافۆڕی چەمکی بۆ پێوانەکردنی کات، لە چوارچێوەی سیمانتیکی مەعریفی لە زمانی کوردیدا ئەنجامنەدراوە.

**گرنگی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە لایەنێکی گرنگی وەك پێوانەکردنی کات لە پرۆسەی بە مێتافۆڕکردن لە زمانی کوردیدا دەخاتەڕوو، لە هەمان کاتدا دەکرێت ببێتە دەروازەیەك بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی زیاتر لەسەر بابەتە زمانییە مەعریفییەکانی تر لە چوارچێوەی قوتابخانەی زمانەوانی-سیمانتیکی مەعریفی و لە ژێر سێبەری تیۆری مێتافۆڕی چەمکیدا.

**سنوری توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە لە ئاستی سیمانتیکی مەعریفی دایە، چونکە مێتافۆڕی چەمکی بابەتێکی سەرەکی و تیۆرێکی دیاری سیمانتیکی مەعریفییە، نمونەکانیش لە ئاخاوتنی ئاسایی ڕۆژانەی ئاخێوەرانی زاری ناوەڕاستی زمانی کوردی وەرگیراون و بە وردی لێکدانەوەیان بۆ کراوە.

**داتای توێژینەوەکە:** زۆربەی داتاکە بە شێوەی زارەکی بەربڵاون و لە ئاخاوتنی ئاسایی ئاخێوەرانی زاری ناوەڕاست وەرگیراون، لەناویاندا سود لە ئاخاوتن و سەلیقەی توێژەر وەك ئاخێوەرێکی ڕەسەن وەرگیراوە. هەندێك لە نمونەکانیش، کە زیاتر فۆڕمی کلتوریان وەرگرتوە، لە فەرهەنگە کوردییەکانی وەك فەهەنگی (کات[i]، جۆخین[ii]...)دا تۆمارکراون و لێرەدا پشتیان پێبەستراوە و بەپێی تیۆری نەخشەی وێنەیی و نەخشەکێشان لێکدانەوەیان بۆ کراوە.

**پرسیاری توێژینەوە بریتییە لە:**

- ئەو یەکە مێتافۆڕییانە چین، کە لە زمانی کوردیدا بۆ پێوانەکردنی کات پشتییان پێدەبەسترێت؟
- نەخشەی وێنەیی کات_ شوێن[iii]، کە هەر لە سەرەتای مرۆڤایەتییەوە تا ئێستا مشتومڕی لەسەرە، چۆن کاریگەری لەسەر مێتافۆڕی کات لە ئاخاوتنی زمانی کوردیدا دروستکردوە و ئایا ئەم نەخشە وێنەییە بۆ زمانی کوردی گونجاوە؟

**ناوەرۆکی توێژینەوەکە:** لەم توێژینەوەیەدا جگە لە پوختە، پێشەکی و ئەنجام؛ ناوەڕۆکی توێژینەوەکە خراوەتەڕوو، تیایدا تیشك خراوەتە سەر پوختەیەکی تیۆری لە بارەی پێوانەکردن و تیۆری نەخشەی وێنەیی (schema)، پاشان دەربڕاوە مێتافۆڕییەکانی کات بە پێی نەخشەی وێنەیی (کات-شوێن) و هەر لە چوارچێوەی ئەم نەخشە وێنەییە، نەخشەی وێنەیی کات (جوڵە، شت و چەندێتی ) خراوەتەڕو، لەم چوارچێوەیەشدا لێکدانەوە بۆ مێتافۆڕیی دەربڕاوە زمانییەکانی زمانی کوردی کراوە.

**1/ پێوانەکردن:**

پێوانەکردن خستنەڕو و دەستنیشانکردنی بڕ و ڕێژە، درێژی و کورتی، یان قەبارە و بەرزی... شتەکانە، لە ڕێگەی ژمارە، یان وشە جیاوازەکانی زمانەوە، ئەمەش بە پەیوەستکردنی دیاردە و شتە فیزیکی و چالاکییەکان بە ژمارە و یەکە جیاوازەکان، کە لە شێوەی ئامێر و کەرەستەوە خراونەتەڕوو.

دەکرێت پێوانە بە بەکارهێنانی چەند ئامێر و کەرەستەیەك بکرێت، ئەمەش زیاتر ئەو کاتانەن، کە کەرەستە پێوراوەکە کەرەسەیەکی فیزکی بەرهەستە، یا بێ ئامێر و تەنیا بە هەڵەسەنگاندنی لە لایەن تاکەکانەوە هەستی بکرێت، کە پێی دەوترێت خەمڵاندن، زۆرتریش بۆ ئەو کەرەستانە دەبێت کە فیزیکین، بەڵام هەندێ جار پێوەر بەردەست نییە، یان بە پێچەوانەوە شتەکان فیزیکی نین، بۆیە هەوڵدەدرێت لە ڕێی شتێکی ترەوە نیشانبدرێن، یان بەچەمك بکرێن، تاوەکو بتوانرێت بپێورێت (The Editors of Encyclopaedia Britannica, 2024). یەکێک لەو کەرەستە نافیزیکییانەی کە بەهۆی کەرەستە، یان شتی ترەوە دەتوانرێت بپێورێت بریتییە لە کات.

بەپێی سەردەمە سەرەتایی و ئاڵۆزەکانەوە چۆنیەتی پێوانەکردنی کات گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، هەر لە کۆنەوە هەوڵدراوە کات دەستنیشان و جیابکرێتەوە، بۆ ئەمەش پشتیان بە شت و کەرەستەکانی ئەو سەردەمە بەستوە، کە تیایدا ژیاون.

بەپێی کولتوری کوردی و تەنانەت هەموو شارستانیەتەکانی تریش هەر لە کۆنەوە لە سەردەمی سۆمەری و ئەکەدییەکانەوە تا ئێستاش جووڵەی خۆر و مانگ و ئەستێرەکان وەك زانیاری تۆمار کراون و یەکێك بون لەو ڕێگایانەی، کە بۆ ئاماژەدان بە کات و پێوانەکردن

پشت بە تێگەیشتنیان بەستراوە. بۆ نمونە هەتا ئێستاش لەناو کورد و وڵاتە ئیسلامییەکان بە گشتی لە دەستنیشانکردنی سەرەتا و کۆتایی مانگەکان و دەستپێکی بۆنە ئایینییەکاندا سود لە شێوەی قەبارەی مانگ وەردەگیرێت، وەك هاتنی ڕەمەزان و جەژنەکان، یان هەڵهاتنی ئەستێرەی گەلاوێژ (کە ئەستێرەیەکی گەشە و لە نیوەی مانگی هەشتەوە دەردەکەوێت) ئاماژەیە بۆ هاتنی وەرزی پاییز و فێنکبونی کەشوهەوا، بەڵام دەبێت ئەوە بزانین، کە ئەم جۆرە ئاماژەکردنانە زیاتر سنوردارن و ناتوانرێت بۆ ئاماژەدان بە کاتەکانی ڕابردوو، یان داهاتوو بە گشتی بەکاربهێنرێن.

لەپاڵ ئەمانەدا پێکهاتە دەنگی و برگەییەکان هۆکارێکن بۆ پێکهێنانی وشە فەرهەنگییەکانی تایبەت بە کات لە زماندا، بە پشتبەستن بە بەکارهێنانی چەند وشە و دەستەواژەیەکی جیاوازەوە، یان مۆرفیم و نیشانەی تایبەت بە کات هەوڵی پێوانەکردنی کات دراوە، بەڵام لەبەر ئەوەی کە کات خۆی شتێکی فیزیکی نییە بپێورێت، بۆیە هەوڵدراوە لە ڕێی شت و یەکەی مێتافۆڕی جۆراوجۆرەوە پێوانەبکرێت و ئاماژەی پێبکرێت.

### 2/ مێتافۆڕ و پێوانەکردن:

دیاردەی پێوانەکردن لە زمانی کوردیدا ڕەنگیداوەتەوە، بەڵام وەك زۆرینەی بابەت و دیاردەکانی تر، تەنیا بەشێوەی لێکسیکی بەکارنەهێنراوە، بەڵکو لە شێوەی مێتافۆڕی چەمکییدا پشتی پێبەستراو، بۆ ئەم مەبەستەش دەربڕاوە مێتافۆڕییەکانی کات لە دۆخی جووڵەی زارەکیدا بە هۆی بونی بوارە کۆنکرێتییە جیاوازەکانی کات و جووڵە/ شت/ شوێن... لە ئەزموونی تاکدا بناغەیان بۆ دانراوە. کەواتە بە پشتبەستن بە سیما و بنەماکانی سیمانتیکی مەعریفی وا دەردەکەوێت، مێتافۆرەکانی ئاراستەکردنی کات، ئارەزومەندانە/ لەخۆوە نین، بەڵکو ئەزمونەکانی ڕۆژانە بە بنەڕەتیترین پاڵنەرەکانی بونیادنان دادەنرێن. ئەم جۆرە هاوبەشییەی بارودۆخ-جووڵە و پێکهاتەی پەیوەندیدار لەناو بارودۆخی جووڵەدا، بونی ئەو جۆرە مێتافۆڕە لەو فۆڕمە دیاریکراوە باوانەدا ڕون دەکاتەوە (Lakoff and Johnson,1999: 130-140).

ئەگەر بپرسین: چۆن دەتوانرێت ئەو کاتە بپێورێت کە شتێک، دیاردەیەك، ڕوداوێك... دەیخایەنێت؟ بێگومان وەڵامەکە بەپێی قوتابخانەی زمانەوانی/سیمانتیکی مەعریفی بریتی دەبێت لەوەی، مرۆڤ لە سەرەتاوە، کە هەوڵیداوە مێتافۆڕییانە کات بپێوێت، پشتی بەو شتە سەرەتاییانە بەستوە، کە لە دەوروبەریدا ئەزمونی کردون، ئەمەش بە پەیرەو کردنی ئەو نەخشەکێشانە وێنەیی و مێنتاڵییەی، کە لە نێوان دوو بواری سەرچاوە و ئامانج وەك دوو بواری لێکدانەبڕاو و تەواوکەرانە دا دایڕشتوە، وەك ڕێگایەك بۆ خستنەڕوی بابەتە هزری و ئەبستراکتەکان لە ڕێگەی بابەت و کەرەستەی کۆنکرێتییەوە. بۆ نمونە ئاماژەکردن بە بڕ و قەبارە، ماوە و کاتی دیاردەیەك بە شێوەی مێتافۆڕی و بایەخدان بە شوێن، جوڵە، بەمرۆڤکردن[iv]، بە شتکردن... کە بەجۆرێك وێنا دەکرێن، مرۆڤ بیری بۆ لای دارشتە سەرەکییەکە ناچێت و نائاگایانە شێوە بە کۆنکرێت بووەکەی دێتە بەرچاو/هزر.

### 3ـ دەربڕاوە مێتافۆرییەکانی چەمکی کات لە زمانی کوردیدا:

بۆ ئاماژەکردن بە چەمکی کات هەندێ دەربڕاوی زمانیی جیاواز هەن، بە هۆیانەوە دەتوانرێت کات دەستنیشان بکرێت و بپێورێت. بە گرتنەبەری بنەما و تێڕوانینی سیمانتیکی مەعریفی لە بەچەمککردنی شتە ئەبستراکتەکان لە چوارچێوەیەکی کۆنکرێتییەوە (لە ناویاندا کات) و بە ڕێگەی نەخشەکێشانی وێنەیی (Schema) و بەهۆی کردەی نەخشەکێشان (Mapping) ئەو پێوەرە سەرەکییە مێتافۆڕییانە بۆ چەمکی کات دەخەینەڕو، کە هەر لە سەرەتاوە کورد وەك پێوەری کات درکی پێکردون و لە زمانەکەیدا ڕەنگیان داوەتەوە:

#### 3ـ 1 کات-شوێن[v]:

لە سیستەمی هزری و ئاخاوتنەکانی زمانی کوردیدا، هاوکێشەی کات-شوێن لە پێوانەکردنی چەمکیی کات پەیڕەودەکرێت، بۆ ئەمەش پشت بە بەڵگەکان/ بنەما و تایبەتمەندیی قوتابخانەی سیمانتیکی مەعریفی لە بەچەمککردنی شتە ئەبستراکتەکان دەبەستین، کە بریتییە لە نەخشەکێشان (Mapping)ی شتە ئەبستراکتەکان لە سەر بابەتە کۆنکرێتییەکان، لە لایەکی تریشەوە وەرگرتن و زمانپڕژانی منداڵ بە بەڵگەیەکی گرنگ دادەنرێت، بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونە، چونکە ئەگەر سەرەتای زمانپڕژانی منداڵ وەربگرین دەبینین، کە سەرەتا منداڵ فێری ئەو وشانە دەبێت، کە تایبەتن بە شوێن نەك وشەکانی تایبەت بە کات، هەروەها (لاکۆف و جۆنسن)، سیمانتیکی مەعریفیش دەڵێن سیستەمی مێتافۆڕی لە هزری مرۆڤدایە نەك زمان، بۆیە دەتوانین بڵێین، کە لە زمانی کوردیدا بۆ تێگەیشتن لە چەمکی کات وەك یەکەیەکی ئەبستراکت لە مێشکی مرۆڤدا، پەنا دەبرێتە بەر چەمکە کۆنکرێتییە جیاوازەکانی شت، جوڵە و شوێن/فەزا هەتا بتوانرێت بە چەمك بکرێت. (باسۆ و هاوڕێکانی بەپشت بەستن بە داتا دەمارناسییەکان چەند خاڵێکی هاوبەش بۆ پرۆسێس کردنی کات و شوێن و ڕادە لە مێشکدا دەناسێنن، لە هەمان کاتدا لاکۆف و جۆنسنیش ئاماژەیان بەوە کردوە کە کات، شوێن

و ڕادە پەیوەندییان بە دەرکەوتە زمانییەکان هەیە) (افراشی، 120). واتە بە پێکهێنانی پێکهاتەیەکی نەخشەیی لە مێشکی تاکدا چەمکی کات ڕۆدەنرێت. بەم پێیەش شوێن/فەزا یەکێکە لەو یەکە کۆنکریتییانەی، کە کات بەرجەستە دەکات و لە چوارچێوەی نەخشەیەکی وێنەیی مێتافۆڕیی شوێنیدا دەیخاتەڕو. ئەمەش بەهۆی ئەو بیرکردنەوە سروشتی، ئۆتۆماتیکی و نائاگاییانەی مرۆڤەوەیە لە بارەی کات، کە وەك شوێن یان ناوچە ئاماژە بەکات دەکات و تیایدا وا دەردەکەوێت، کە ڕوداوەکان لەو شوێنانەی کاتدا ڕوودەدەن( Lakoff and Johnson,1999: 143) ئەمەش وابەستەی بە چەمککردنی بەرجەستەکراوی کاتە لەسەر ئەزمونە جیاوازەکانی مرۆڤ/تاکی کورد.

لێرەدا کۆمەڵێك ئەزمونی جیاواز دەخەینەڕو، کە تاکی کورد ئەزمونیکردوە و وەك نەخشەیەکی وێنەیی لە مێنتاڵیەتی کورد ماوەتەوە، پاشان لە زمانەکەیدا کردەی بەچەمککردنی کات وەك مێتافۆڕ ڕەنگی داوەتەوە.

1- لە دوڕیانێك دایت نە دەرچونت هەیە و نەگەڕانەوە.
2- گەیشتیە ڕۆژێك گەڕانەوەی تێدا نییە.
3- لەم سەرلە ئێوارەیەدا وەستاویت و ساتی جۆراوجۆر دەبینیت.
4- لەمڕۆ وەستاویت و سەیری داهاتو دەکەیت.

بە وردبونەوەی لەم دەربڕینە ئاساییانەی سەرەوە، زۆر بە ڕونی هەست بە ناوەڕۆکی کات-شوێن دەکرێت، کە ڕۆژانە وەك مێتافۆڕێك بە شێوەیەکی نائاگایانە ئاخێوەری کورد لە ئاخاوتنەکانیدا، بۆ گەیاندنی چەمکی کات پشتیان پێدەبەستێت.

**3ـ 1 ـ 1 بەچەمککردنی کات بەهۆی وشە (لێکسیك)ەکان:** لە زمانی کوردیدا بۆ بەچەمککردنی کات دەستەواژە جیاوازەکانی شوێن بەکاردەهێنرێن و لە ڕێگەیانەوە کات وەك شوێن وێنا دەکرێت، جگە لەمەش چەمکە وشەییەکان بە شێوەیەکی سیستماتیکی لە پاڵ بەشوێنکردن، جوڵەش لەخۆ دەگرن(Evan,and Green, Melanie, 2006: 82) بۆ نمونە هەریەکە لە وشەکانی (گەیشتن، تێپەڕاندن، بەجێهێشتن...) بە جوڵەکردن و بەشوێنکردنی چەمکی کاتن لە کاتێکدا خۆیان دەستەواژەی تایبەتن بە شوێن نەك کات.

5- بە پاییز گەیشتین.
6- بەهاری تەمەنمان تێپەڕاند.
7- لە کاتی خۆی گەیشتم.
8- دەبێ بە کاتەکەم بگەم.

بە وردبونەوە لەم نمونانەی سەرەوەدا دەبینین چەمکی کات فۆڕمی مێتافۆڕی شوێنی وەرگرتوە، بەجۆرێك چەمکە کاتییەکان وا وێنای کات دەکەن، کە شوێنێکەو ئەزمونکار تێیدا لە جوڵە دایە.

**3ـ 1ـ 2 بەچەمککردنی کات بە بەکارهێنانی ئامرازەکان:** جگە لە وشە، ئامرازەکانی (لە)، (لە-دا)، (لەنێوان)، (بە)، کە تایبەتن بە شوێن، لە خستنەڕوی کات دا ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕن و لە ئەنجامی بەکارهێنانیان لەگەڵ دەربڕاوە کاتییەکاندا، نەخشەی مێتافۆڕیی کات/شوێن دەهێننە کایەوە.

9- لەو چەند ڕۆژەی، کە ماوە دەتوانی ئەو کارە تەواو بکەیت.
10- لەو کاتەدا مێشکم وەستابو/دەوەستێ.
11- جووجەڵەی بەهار لە پایزا بژمێرە.
12- لە/بە شەو جەردە، لە/بە ڕۆژ مەردە.
13- ڕوداوەکە لە نێوان کاتژمێر دو بۆ سێ بو./ گفتوگۆکان لە نێوان هەولێر و سلێمانیین.
14- لەو ساتەدا/بەم شەوە دەست و پێم بەستراوە.

هەر لە چوارچێوەی بە شوێنکردنی کات لە زمانی کوردیدا، چەمکی کات چەند تایبەتمەندییەکی تری شوێن وەردەگرێت، لە خوارەوە ئاماژەیان پێدەکەین:

**3ـ 1ـ3 کات دەکرێ وەك شوێن داگیر بکرێت:** لە ڕێگەی مێتافۆری چەمکییەوە، کات هاوشێوەی ئاراستە و پێگە ، یان شوێن دەستنیشان دەکرێت و ئاماژەیانپێدەکرێت، بەجۆرێك دەتوانرێت دەستی بە سەردا بگیرێت و داگیربکرێت، یان لە دوای داگیرکاریدا ڕزگاربکرێت.

15– هەمو ژیانی داگیر کردوم.
16– دەستی بەسەر ژیانمدا گرتوە.
17– هەردو سعاتەکەی بردم.
18– بەو سیستەمە پێشکەوتووەی کە دایهێنا، مرۆڤی سەدەیەك زوتر لە نەزانی و جەهلی ڕزگارکرد.

لێرەدا هەریەکە لە دەستەواژەکانی ( داگیر کردن، دەست بەسەرداگرتن، بردن و ڕزگارکردن) تایبەتن بە شوێن، لەم ئاخاوتنانەدا وەك بواری سەرچاوە نەخشەی وێنەیی لەسەر کێشراوە بۆ بواری ئامانج (کات).

**3ـ 1ـ 4 کات ئارەزو و شوێنی مەبەستە:** لە زمانی کوردیدا هاوشێوەی شوێن، کاتی جیاواز لەڕێی ڕەهەندەکانی فەزا-شوێن ەوە ، لە ژیاندا دەردەکەون ، کە هەمو تاکێك دەیەوێت پێی بگات و کردەی گواستنەوە دەیانهێنێتەکایەوە. ئەمە ئەو جۆرە مێتافۆرانە دەگرێتەوە، و لە ڕێگەی مێتافۆری چەمکییەوە کات هاوشێوەی ئاراستە و پێگە یان شوێن دەستنیشان دەکرێن و ئاماژەیان پێدەکرێت.

19– بۆ گەیشتن بەو ڕۆژە قوربانی زۆرم داوە.
20– بۆ گەیشتن بەمرۆ زۆر نەهامەتیم هاتەڕێ.
21– هەمو شتێك دەکەم تا بەو ساتە بگەم.
22– نەمردم بەمرۆ گەیشتم.
23– پاییز وەرزی دڵخوازی منە.

لەم نمونانەدا چەمکی کات لە چوارچێوەی نەخشەی وێنەیی-هێز، وەك شوێنی مەبەست نەخشەی کێشراوە، کە تاك ئارەزوی دەکات و زۆر جاریش پێی دەگات، ئەمەش دوای جوڵانی لە خاڵێکی دیاریکراوەوە ( ئێستا) بۆ خاڵێکی تر (داهاتو) دەبێت.

**3ـ 1ـ 5 کات ڕێگا/دەروازەیە:** زۆر جار کات وەك ڕێگا، یان دەروازەیەکی شوێنی بە هۆی نەخشەی وێنەیی دەروازەوە ( path schema) وەك لقێك لە نەخشەی وێنەیی (schema )نەخشە دەکێشرێت، کە مرۆڤ لە ئەنجامی بە جێهێشتنی خاڵ/کاتێك و گوزەر کردن بۆ خاڵێك/کاتێکی تر پێیدا تێپەڕ دەبێ، یان بە ناویدا (لە شوێن/کاتێکی دیاریکراوە وە بۆ شوێن/کاتێکی تری جیاواز) دەڕوات.

24– بێ ویستی خۆم بەو کاتەدا گوزەرم کرد.
25– ئارەزوی خۆم نەبو، کە بەو کاتە ناهەموارانەدا ڕۆیشتم.
26– بە کاتێکی زۆر ناخۆشدا تێپەڕیم.
27– بە هەمو ئەو ڕۆژانەدا تێپەڕیم ، کە وەك بەربەست لە پێشمدا چەقیبون.
28– تا بە شەوێدا نەڕۆیت بە ڕۆژ ناگەیتە مەنزڵ.

لەم دەربڕاوە زمانییە کوردییانەی سەرەوەدا، کاتێکی دیاریکراو لە ژیانی تاکێك وەك شوێن/ دەروازە/ ڕێڕەوێك دێتە بەرچاو، کە لە ماوەی ڕابردودا تاك پێیاندا تێپەڕیوە و بریەیەتی بۆ گەیشتن بە ئەمرۆ (کات/شوێن).

**3ـ 1ـ 6 کات گۆڕانکاری لە شتەکان دەکات:** لە ڕێی نەخشەی وێنەیی دەروازە (path schema ) وا وێنای کات دەکرێت، کە کات شت/هۆکار/ شوێنێکە وەستاو/چەسپاوە، بەڵام بە جوڵەکردن و تێپەڕبوونی شتەکان بەناویدا، کات دەبێت بە هۆکارێك بۆ گۆڕان/ گەشەسەندن و پێگەیشتن، یان گەورە بوونی شتەکان.

29- گوێرەکە بە ڕۆژگار دەبێ بە گا.
30- بەشەر شەوێک پاشایە شەوێک گەدایە .
31- بە تێپەڕبونی ڕۆژگار هەمو شتێك دەگۆڕێت.
32- گەورە بیت لە بیرت دەچێت.

لە نمونەی ژمارە (30) دا، کە وەك پەندێکی پەیوەست بە کلتوری کوردییەوە دەردەکەوێ، ئاماژە بەو گۆڕانە دەکات، کە لە ئەنجامی تێپەڕبونی کاتدا بەسەر مرۆڤدا دێت، تیایدا ئەوە خراوەتەڕو، کە هیچ بارودۆخێك تا سەر نییە و بەپێی گۆڕانی کات دەکرێت تاك، ژیانی تاك و بارودۆخەکانیش بگۆڕدرێن، ئەو کەسەی ئەمڕۆ لە پلەدایە، بەیانی ببێتە بەردەستی پلەدارێکی تر و پلەکەی و ئەوەی ئەمڕۆ هەیەتی لەدەست بدات. (31)یش هەمان لێکدانەوە هەڵدەگرێت.

لە (32) لەئەنجامی تێپەڕ بون و ڕۆیشتنی تاك بە ماوە یان کاتێکی دیاریکراودا (گۆڕانی لەو تەمەنەی ئێستاوە بۆ گەورەتر) هەندێ لەو شتانەی، کە ئێستا (ئەو کاتەی تاکێ تێیدایە) و پێیەوە سەرقاڵ دەبێ، چونکە بەلایەوە خەمهێنەرن، دەگۆڕێن و ئەوەندە خۆیان بیریان لێناکاتەوە.

**3ـ 1ـ 7 کات دەکرێت دور، یان نزیك بێ:** هەرچەندە دورو نزیکی تایبەتن بە شوێن، بەڵام چونکە بواری ئامانج/چەمکی کات لە سەر بواری سەرچاوە/شوێن نەخشە دەکێشرێت، بۆیە کاتێکی دیاریکراو، کە قسەکەر ئاماژەی پێدەکات، هاوشێوەی شوێن دەکرێت دور یا نزیك دەربکەوێت.

33- زۆرمان نەماوە، داهاتو نزیکە.
34- زۆر ڕۆیشتوە و کەمی ماوە... بە ڕۆژی خۆمان دەگەین.
35- ئەو ڕۆژەی باسی دەکەیت زۆر دورە، هەوڵدانی دەوێت.

**3ـ 1ـ 8 کات ڕوی ناوەوە و دەرەوەی هەیە:** لە بەچەمککردنی کاتدا زۆرجار کات لە چوارچێوەی شت، لە هەمان کاتدا وەك شوێن بە هۆی نەخشەی وێنەیی دەفر-قەبارە نەخشە دەکێشرێت. واتە هەردوو دەرکەوتەی شوێن، شت بەیەکەوە لە هەمان چەمکدا نەخشەدەکێشرێن، ئەمەش دەکرێت، بۆ بەهێزی زمانی کوردی بگەڕێتەوە.

36- چونە قەفەزی زێڕینەوە.
37- لە ناوەند/ناوەڕاستی تەمەنیدایە.

ماوەی سەرەتای هاوسەرگیری وەك شتێك/ شوێنێکە و مرۆڤ دەتوانێت بچێتە ناویەوە. لەم نمونەیەش وەك کۆی نمونەکانی تری ئەم توێژینەوەیە، چەمکی کات مێتافۆری تەقلیدی تێپەڕاندوە و تایبەتمەندی کۆنکریتی شوێن-شت/ قەفەزی (زێڕین)ی وەرگرتوە.

**3 - 1 ـ 9 چەمکی کات ئاستی هەیە/ قوڵە:** چەمکی کات بەهۆی نەخشەی وێنەیی ئاراستەییەوە وا وێنا دەکرێت، کە دەکرێت زۆرجار ئاستێکی قوڵی هەبێت.

38- لە قوڵایی شەودا هاواری لێ هەڵسا. (قوڵایی_ئاست)
39- بە قوڵایی مێژودا بچۆرەوە.

لێرەدا چەمکی (قوڵایی شەو، مێژو) ئاماژەیە بۆ کاتێکی دیاریکراو(ناوەڕاست/نیوەی شەو، مێژوی کۆن) لە کۆی یا درێژەی (شەو، ژیان).

**3 ـ 1ـ 10 کات شوێنێکە ئاراستەیەکی ڕێك و پێچەوانەی هەیە:** هەر لە ڕێگەی نەخشە وێنەی ئاراستەییەوە، کات وەك ئاراستەیەکی شوێنی بەچەمککراوە و بە ئاراستەی جیاواز دەجوڵێت.

40- کات پێچەوانەی بەرژەوەندییەکانمان دەڕوات.
41- ژیانمان بە ئاراستەیەکی هەڵەدا دەڕوات.
42- نەخشە ڕێگەی ژیانمان بەو جۆرە نییە، کە کێشابومان.

واتە هەر وەك چۆن شوێنەکان ئاراستەی جیاوازیان هەیە، کاتیش دەتوانێ لە ئەنجامی نەخشەی وێنەیی هاوکێشەی کات/ شوێن، ئاراستەی جیاواز وەربگرێت.

**3ـ 1ـ 11 جگە لەم دەرکەوتنە جیاوازانەی سەرەوە،** هەندێ کات وشە تایبەتمەندەکانی کات بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەردەکەون و بە هۆی سەرچاوەیەکی کۆنکریتییەوە ، جا لە ئەنجامی نەریت و بیرکردنەوەی تاك بێت، یان کولتور و پابەندبونی ئایینی بێت، چەمکێکی نوێ بەرجەستە دەکەن.

43- زستانێ زیندانێ.[vi]

زیندان واتە وەستان لە زۆربەی چالاکی و جوڵەکان، نەبون و لێسەندنەوەی ئازادییەکان. بەهەمان شێوە لێرەدا کات شتێکی چەقبەستو و لە جوڵە وەستاوە، وەك شوێنێکی جێگیر دەردەکەوێت، چونکە زۆرینەی چالاکییەکانی مرۆڤ تیایدا دەوەستێت و بە هۆی بارودۆخە جیاوازەکانی کەش و هەواوە ناتوانێت وەك وەرزەکانی تر تیایدا ئازاد بێت، یان دەکرێت کات وەك شوێن چۆڵ و ئاوەدان بکرێن، ئەمەش زیاتر پەیوەستە بە هەستی خودی تاکەکان لەو شوێن/کاتە دیاریکراوەی کە ئەم ئاخاوتنانەی تێدا گۆ دەکرێن.

44- سەد ساڵ بە چۆلی ڕۆژێ بە ئاوەدانی.
45- سەرمای زستان لە هەوەڵەوە دیارە .

هەروەها دەکرێت کات وەك شوێنێکی دیار و کۆنکریت ببینرێت و سەیربکرێت، بەهۆی ئەو کۆنکریت بونەی بەتەواوی تاك هەست بە شتە جیاوازەکانی ناو ئەو کاتە دیاریکراوە بکات، وەك لە نمونەی (43) دا هاتووە.

زۆر جاریش بە هۆی ڕادەی تێکەڵی و نزیکی هەردو چەمکی کات و شوێن لە زمانی کوردیدا، هەندێ جار دەتوانرێت بە یەك دەستەواژە وەك شتێك گوزارشتیان لێبکرێت، بەجۆرێك لەگەڵ گۆکردنی وشەیەك هەردو واتای کات و شوێن لەخۆی بگرێت و بە گوێگر/بیسەر بگەیەنرێت.

46- کۆچەرەکان زستانەهەواریان[vii] جێهێشت.
47- بەرەو بەهارەهەوار بەڕێکەوتن.
48- کۆچەرەکان بەرەو گەرمیان کۆچیان کرد.

ئەم دەربڕینە ئاماژەیە بۆ شوێنێکی دیاریکراو لە کاتێکی دیاریکراودا (سود وەرگرتن لەو شوێنە دیاریکراوە لە هاویندا)، کە لە ڕێگەی هەردو وشەی کاتی/بەهار -زستان و وشەی شوێنی/هەوار دروستبون، گەرمییانیش ئاماژەیە بۆ شوێنی گەرم لە وەرزی سارد دا.

**3ـ 1ـ 12 کات شوێن لە ڕوداوی تۆمارکراودا:** لە پاڵ ئەو چەمکە دیاریکراوەی بۆ کات لەسەر شوێنی فیزیکیدا دەکێشرێت، زۆر جار پشت بە بەکارهێنانی وشە فەزاییەکان دەبەسترێت بۆ ئاماژەکردن بە چەمکی کات، لە کات/ شوێنی تۆمارکراودا یان ڕوداوەکاندا[viii]، بۆ نمونە ئەگەر بمانەوێت پرسیار لە کاتی ڕوداوێك یا خولەکی ڤیدیۆ/ڕوداوێکی دیاریکراو بکەین، دیمەنێکی پێش یا پشت ڕوداوەکە، یان وشەکانی تایبەت بە شوێن (لێرە، لەوێ، لە ماڵەکە...) باس دەکرێ لەبری ئەوەی ئاماژە بە سعات و خولەك بکرێت(Dancygier, 2017, 644).

49- کە خەریکی نوسینەوە بو، دەرگاکە کرایەوە... ناگوترێت( لەخولەکی 26دا دەرگاکە کرایەوە..).

- کەی پۆلیس هات؟
50– لە دوای ڕاکردنی تاوانبارەکە.
- کەی پشیلەکە هاتە لای منالّەکە؟
51– کە لە ژورەوە بو.

- کە لێرە دانیشتبو/ لە باخچە بو.

## 3ـ 2 کات-جوڵە

جوڵە و کات یەکێکن لەو بابەتانەی، کە هەر لە کۆنەوە بە تایبەت لە زانستی فیزیاییدا مشتومڕی زۆریان هەڵگرتوە، دواتر ئەم مشتومڕە بۆ ناو زمانیش گوازراوەتەوە. لاکۆف) پێی وایە، کە مێتافۆری چەمکی کات برێتییە لە " تێپەڕبوونی کات وەک جوڵە لە فەزادا"، واتە کات دەجووڵێت و دەتوانرێت لەسەر بنەمای شتەکان (دیاردە و شوێنەکان) لە کات تێبگەین (افراشی، 1392). لە ڕوانگەی زانستە مەعریفییەکان جووڵە زووتر و گرنگترە لە کات، هەروەها زانستی دەروونناسیش لە چۆنییەتی کارکردنی عەقڵی مرۆڤ بایەخی بە جوڵە داوە و ئەوەی ئاشکرا کردوە، کە مرۆڤ مەیلی ئەوەی هەیە، کە سەرنج/فۆکەس لەسەر لایەنە جوڵاوەکانی دیمەنێکی بینراو چڕبکاتەوە نەك لەسەر لایەنی ستاتیکی دیمەنەکان (Evans, 2006: 18). واتە کەرەستەی جوڵاو لە کەرەستەی جێگیر لە لایەن مرۆڤەوە زیاتر جێگای سەرنجە، بۆیە لە زۆربەی زمان و کولتوورەکانیشدا، دەتوانرێت لە ڕێگەی جووڵەوە لە کات وەك یەکەیەکی ئەبستراکت تێبگەین، چونکە جوڵە (لە چوارچێوەی شوێن/ وەك بەشێك لە شوێن) یەکێکە لەو خاڵانەی، کە نەخشەی وێنەیی مێتافۆڕی کات دەکێشێت، بە پشت بەستن بە تیۆری هاوچەرخی لاکۆف و جۆنسن.لە کات-جوڵە وا دەردەکەوێت، کە کات لە باکگراوند و مێشکی مرۆڤدا وەك هێڵێکی ڕاست وابێ، تیایدا ئاخێوەر لە سەنتەری هێڵەکە (ئێستا) دەوەستێت، ڕابردو دەکەوێتە پشت ئاخێوەر و داهاتوش لە پێشیەتی[ix]. واتە تێگەیشتن لە کات وەك ئەوە دەبێت، کە تاك بە شێوەیەکی فیزیکی لە ناوچە (کات)ێکی دیاریکراودا بێت و لە ڕێگەی هەندێک پۆلی بنەڕەتیی وەک؛ شتەکان، پێگە و جوڵەیان هەستی پێدەکرێت. بەم پێیەش نەخشەی دیاریکراوی کات جوڵەیە لە ڕێگەی نەخشەکێشانی مەعریفی وەك دوو بواری بەیەکەوە بەندکراو لەسەر مەبەستە هاوتاکانیان لە بواری جیاوازدا دەردەکەوێت.

52– پایز لە خۆشی ڕۆیی.
53– ئەگەر پایز لە خۆشی ڕۆیشت، زستان خۆ ناگرێت.
54– گەنجی جێیهێشتین.
55– خۆشترین ڕۆژەکانمان تێپەڕین.
56– سەردەمی سادەیی ناگەڕێتەوە.

ئەو نەخشە وێنەییەی، کە لەم نمونانەدا دەردەکەوێت لە نێوان خودی کات (ڕۆژ، پاییز، سەردەم) وەك ناوچەی ئامانج لەگەڵ (جوڵە) وەك ناوچەی سەرچاوە کێشراوە. تیایدا چەمکی کات لە شێوەی جوڵە لە بۆشاییدا خۆی دەنوێنێت[x].چەمکی وشەیی بۆ کات بە شێوەیەکی سیستماتیکی لە ڕووی جووڵەوە پێکهاتە کراون/بنیاتنراون، بەڵام چونکە جوڵەکردنیش زیاتر پەیوەستە بە بونی مرۆڤ یا بونێکی زیندووەوە، بۆیە زۆر جار لەو بارودۆخانەدا کات لە شێوەی مرۆڤێك یا زیندەوەرێك دەنوێنرێت ، چونکە توانای جوڵەیان هەیە.

**3ـ 2ـ 1 کات-مرۆڤ/ زیندو:** لەگەڵ کێشانی نەخشەی وێنەیی کات-جوڵە، هەندێ جار دەکرێت هەست بە جیاوازی ئەو جوڵەیە بکرێت، کە لە شێوەی مرۆڤدایە، لەگەڵ ئەو جوڵەیەی بە گشتی هەر زیندەوەرێك دەتوانێت بیکات، چونکە ئەو دەمانەی، کات لە فۆڕمی جوڵەی مرۆڤانە وێنا/بە چەمك دەکرێت زیاتر هەست بە سیما و تایبەتمەندییەکانی مرۆڤ دەکرێت.

57– بەیانی بە ڕووم پێدەکەنێ.
58– لە شەمشەمەکوێرەیان پرسی بۆ هەر بەشەو ئەگەڕێیت؟ وتی نامەوێ چارەی قورسی ڕۆژ ببینم .
59– خەوی شەو، شەرمەزاری ڕۆژە

60- زوڵفی شەوە مانگی داپۆشیوە.
61- زلەی ڕۆژگاری نەدیوە.
62- لە زستان بە ئەرکترە.
63- نازی گەنجێتیت هەڵگرە.
64- قەدری مانگ نییە تا نەگاتە شەو.
65- با ڕۆژەكانت تەندروستتر بن.
66- بۆ ئەوەی ژیانێکی تەندروستترت هەبێت، ئێمە هەڵبژێرە.
67- پایزە برا.
68- پیاو قوتابییە و ڕۆژگار مامۆستا.

پێکەنین یەکێکە لە تایبەتمەندییە ناوازەکانی مرۆڤ، تیایدا نەخشەی کات وەك ئامانجێك (توانای پێکەنین و گەشانەوەی هەیە، دەبێ قەدری بزانرێت) لەسەر پێکەنینی مرۆڤ کێشراوە وەك بواری سەرچاوە. بە هەمان شێوە یەکێک لە پێکهاتەکانی جەستەی مرۆڤ/مێ (زوڵف) بۆتە سەرچاوەی نەخشەکێشانی کات وەك بواری ئامانج و تیایدا کات مرۆڤە و زوڵفی هەیە. تەندروستیش زیاتر پەیوەستە بە مرۆڤ و لەڕێیەوە کات وەك چەمکێك، کە دەکرێت تەندروست بێت یا ناتەندروست بە چەمککراوە.

69- ڕوی زەمانە ڕەش بێت.

ئەم نمونەیە دەکرێت وەك تایبەتمەندییەکی مرۆڤی سەیربکرێت. وەك دەبینین کات (زەمانە) مرۆڤێکە خاوەن ڕوی جیاوازە، مرۆڤ (وەك سەرچاوە) دەکرێت ڕو ڕەش یا ڕوسپی بێت بەپێی ئەنجامدانی کردەوەکانی.جگە لەمە هەریەکە لە (لەدایك بون[xi])، پیشەی (قوتابی و مامۆستایەتی)، کردەی (هاتن، وەستان و سەیرکردن، چاوەڕێکردن، شەق لێدان[xii]، ڕاکردن) و دیاردەی (قەدرگرتن) لەم دەربڕینانەی خوارەوە لە ڕێگەی نەخشەیی وێنەیی مرۆڤ-کات نەخشەکێشراون.

70- لەگەڵ هاتنی شەوی یەڵدا وەرزی زستان لەدایك دەبێت.
71- زستان هات بەڕی فەقیری دڕا.
72- ڕۆژگار دێت و دەڕوا.
73- شەو هات و تۆ نەهاتی.
74- شەویان بەسەردا هات.
75- کات مامۆستای بنیادەمە.
76- ڕۆژ دەڕوا، قەزا و بەڵا نارِوا.
77- تەمەنم ڕۆیشت.
78- شەقی ڕۆژگاری نەدیوە.
79- قەدری ئەو ڕۆژانە بگرە، کە تۆیان گەیاندە ئێرە.
80- داهاتویەکی گەش چاوەڕێم دەکات.
81- وردە وردە کاتژمێر تێدەپەڕێ.
82- کاتژمێرەکانی ژیان/حەفتە و مانگەکان ڕادەکەن.
83- ئەگەر بایە ئەگەر بارانە هەر لە عومری بەفر دەچێت/ کەم دەبێتەوە.

لە نمونەی(82) دا کات/زستان نەخشەیەکی وێنەیی- جوڵەی بۆ بکێشراوە، سەرچاوە کۆنکریتییەکەی لە مرۆڤێکی خاوەن تەمەن و زیندو وێنا کراوە، کە بە هەر شێوەیەك بجوڵێت تەمەن/ کاتی دیاریکراوی ژیانی دەڕوات/ لە دەست دەچێت.

84- ئەم ساڵیشمان بەڕێکرد.

بە شێوەیەکی ئاسایی (بەڕێکردن) یەکێکە لەو جوڵە نەخوازراوانەی، کە زۆر جار مرۆڤ ڕووبەڕووی دەبێتەوە و تیایدا بە ناچاری دەبێ بەو بارەدا بڕوات یان ئیشێك بكات. ئینجا ئەو بارە نەخوازراوە لە زمانی کوردیدا لە ڕێگەی نەخشەکێشانی وێنەیی، چەمکی کاتی وەك یەکەیەکی ئەبستراکت/ئامانج شێوە نەخشەی کێشراوە.

85- بەڕاستی ژیان پاش ڕۆیشتنی هاوین دەست پێ دەکات.
86- بە دورکەوتنەوە لە تۆ ژیانم نوێ دەبێتەوە.

ئەم نمونەیە وابەستە بونی ژیان بە جوڵە و ڕۆیشتنی کات لە چوارچێوەی نەخشەکێشانی کات-جوڵە نیشاندەدات، لە (86) جوڵەکردنی کات و لە (87) جوڵانی ئیگۆیە[xiii].

هەندێ جار جگە لە مرۆڤ، کات شێوەی هەر زیندەوەرێك وەردەگرێت، کە دەتوانێت لە خاڵێکەوە بۆ خاڵێکی تر بجوڵێت، یا خاوەن تایبەتمەندی جوڵە بێت. هەریەکە لە کردەکانی (تێپەڕین، بەردەوامی/لەجوڵە، هاتنەدەر و سەردەرهێنان) وەك زیندووێك، کە دەکرێت مرۆڤ بێ یان هەر زیندەوەرێك بێ نەخشەی وێنەیی چەمکی کاتی لەسەر دەکێشرێت.

87- مانگێك بەسەر کارەساتەکەدا تێپەڕی.
88- ژیان/کاتی ژیان بەردەوامە.
89- کاتژمێرێک بەسەر چاوپێکەوتنەکە تێپەڕی.
90- نەمرم ڕۆژی منیش دێت.
91- یەکەم گزنگی بەیانی هاتەدەر.
92- بە ئەستەم ڕۆژ سەری دەرهێنا.
93- مێژووش بە دەست ئەمانەوە ماندو بوە.

جگە لە جوڵە لە نمونەی (94)دا، بە سود وەرگرتن لە هونەرەکانی ژیان و بە فراوانکردنی مێتافۆرەکان، تایبەتمەندی ماندوێتی، کە تایبەتە بە بوونەوەرە زیندووەکان و لەسەروبانەوە مرۆڤ، دەگەڕێنرێتەوە بۆ مێژوو و تیایدا مێژو نوێنەرایەتی سەردەمی ڕابردوو دەکات.

94- ڕۆژی تۆش هەڵدێت/دێت.
95- ڕۆژ/سەردەمی تۆش دەگاتە کۆتایی.
96- لەگەڵ خۆر هەڵاتن دەست پێ دەکەین.

ڕۆژ مرۆڤ/ بونەوەرێکی زیندوە، خاوەن تواناو تایبەتمەندی جوڵەیە. لێرەدا (ڕۆژ) لە ئەنجامی بە جوڵە بونیدا وەك زیندووێك توانای هەڵاتن (بە واتای دەرکەوتن و بەرزبونەوە)ی پێدراوە. ئەمە تێپەڕبونی کاتە لە بۆشاییدا بەپێی تیۆری لاکۆف.

**3ـ 2 ـ 1 ـ 1 کات زیندەوەرێکی ترسێنەرە:** کاتەکان لە قاڵبی مرۆڤدا خاوەن ناسنامەی جیاوازن، هەندێ جار کاتەکان دەبنە مایەی ترس و دڵەڕاوکێ بۆ مرۆڤەکان.

97- ڕۆژی مردنم، بەڕاستی کاتێکی ساماناکە.
98- ڕۆژی قیامەت کاتێکی ساماناکە/ترسێنەرە، ناتوانم بیری لێبکەمەوە.

هەر لە چوارچێوەی کات-جوڵە/ زیندو، زۆر جار چەمکی کات لەسەر سەرچاوەیەکی زیندوی مەترسیدار نەخشەی دەکێشرێت.

99- ئەو ڕۆژە دێت و دەمکوژێت.

مەبەست لە نمونەی (100) هاتنی كاتێكی دیاریكراوە، كە ڕوداوێكی مەترسیداری لەخۆ گرتوە، دەبێتە سەرچاوەی ترسێكی تریش، كە كاتەكە هەر دێت و دەیكوژێت.

**3ـ 2ـ 1ـ 2 كات هۆشیاربونەوەیە:** سیفەتی هۆشیاری وەك تایبەتمەندییەك لە مرۆڤەوە وەرگیراوە، بۆتە سەرچاوە و نەخشەی وێنەیی بۆ كات لەسەر كێشراوە.

100- زەنگی بەیانی لێیدا و دەستیان بەكار كرد. (دەستپێكردنی بەیانی)
101- گزنگی بەیانی لێیدا و بەڕێ كەوتین.
102- ئەو كاتە ڕایچڵەكاندم.

لە نمونەی (101) بەیانی وەك مرۆڤێك نەخشەكێشراوە، وەك ئەوەی گەیشتبێتە خاڵی وشیاری زەنگ لێدەدات بۆ دەستپێكێكی نوێ، هەروەها لە (102) خودی بەیانی خاوەن تایبەتمەندی گزنگە، لە دەربڕاوی (103) یش هاتنی كاتێكی دیاریكراو دەگرێتەوە، كە بۆتە هۆكارێك بۆ ڕاچڵەكینی تاك.

**3ـ3 كات-شت**

زۆر جار بۆ تێگەیشتن لە چەمكی كات وەك یەكەیەكی ئەبستراكت لە مێشكی مرۆڤدا، پەنا دەبرێتە بەر چەمكە كۆنكریتییەكانی شت/ كەرەستە، تا بتوانرێت بەچەمك بكرێت، چونكە تێگەیشتن لە كات وەكو شوێن، شت و جوڵە دیارترین نموونەیە، بە هۆیانەوە تێگەیشتن لە چەمكە ئەبستراكتەكەی مێتافۆریی كات وەكو شت، گۆڕانی كات بە گۆڕانی شوێن ئێدەگات(افراشی،1395: 120).

بۆ دەستگەیشتن بە بواری ئامانج، كە زۆرینەی كات وەك بابەتێكی ئەبستراكت خۆی دەنوێنێت، لە كردەی بە مێتاقۆڕبونی كاتدا پشت بە بواری سەرچاوە (شت)، كە بابەتە كۆنكریتییەكان دەگرێتەخۆ دەبەستین، ئەمەش زیاتر بە نەخشەكێشان و نەخشەی وێنەیی دەبێتە لە نێوان هەردو بوارەكەدا (شت_كات)(covechs, 2010: 33) لە (افراشی،1395: 120 ) وەرگیراوە. زۆرترین ڕێژەی ئەو بوارە كۆنكریتیانەش خۆیان لە چەند شتێك دەبیننەوە، لێرەدا ئاماژە بەوانە دەكەین، كە لە زمانی كوردیدا زۆرترین دەركەوتنیان هەیە.

**3- 3- 1 كات كاڵایەكی بەنرخ و بەهادارە:**

لە ژیانی مرۆڤایەتیدا و لای زۆرینەی مرۆڤەكان پارە و سامان لە كەرەستە هەرە بەهادارەكانن. كەم شت هەیە لە دنیادا، كە نەتوانرێت بەهۆیەوە بەدەست بهێنرێت. لە ڕێگەی بەچەمككردن و پرۆسەی بە مێتافۆر بونەوە ئەو كاتەی مرۆڤ هەیەتی بەهەمان شێوە بەهادارە و خراوەتە ئاستییەوە، چونكە لە كولتوری كوردی و تا ڕادەیەك جیهانیشدا، هەمو ئەو كار و چالاكی و پیشانەی ئەنجامدەدرێن، بە پێی ماوە و لە كاتی دیاریكراودا لە ڕوی داراییەوە بەهایان پێدەدرێت و هەڵدەسەنگێنرێن؛ هەر تاكێك لە بەرامبەر ژمارەی كاتژمێرەكان، ڕۆژ، ساڵ و مانگەكانی كاركردنیاندا یان بابەتەكانی پەیوەندیكردن و میدیا پارە/موچەی پێدەدرێت و بەهۆی پارە وە كاتەكەی دەنرخێنرێت. بەم پێیە كات دەكرێت وەبەرهێنانی تێدابكرێت.، یان بەپێچەوانەوە لەدەست بچێت و بەفیڕۆ بدرێت.

103- كاتەكانم بەفیڕۆ چون.
104- دو كاتژمێر ئیشم كردوە.
105- پارەی دو كاتژمێر كاركردنی پێبدە.
106- دەبێ ڕۆژانە هەشت كاتژمێر كاربكەی تا داهاتێكی باشت هەبێ.
107- كاتێكی باشم پێدایت.
108- بۆ ڕیكلامەكە كاتی زیاتر بكڕە.
109- پارەی زیاتر بدە، كاتی زیاتر بەدەست دێنیت.
110- بە پێنج خولەك فێری چەند ڕستەیەكی بەسود ببە.
111- ئەگەر لە نمونەكانی (104-111) وردبینەوە، دەبینین كات وەك پارە/سامان وایە، دەكرێت لە ئەنجامی بێ ئاگایی تاك بەفیڕۆ بچێت، یان بە پێچەوانەوە قازانجی زیاتر بكەیت و بە هۆیەوە سامان بەدەست بهێنیت، هەروەها دەكرێ كات ببێتە شتێكی كۆنكریتی و بكڕدرێت، ببەخشرێت، بەدەست بهێنرێت...

**3-3-2 كات دەفرە**

شت کە یەکێکە لەو قاڵبە کۆنکریتییانەی کات تیایدا بەچەمك دەکرێت؛ لە زمانی کوردیدا دەتوانرێت چەمکی کات وەك شت ببێتە قاڵب یان دەفرێك و پڕ یان بەتاڵ بکرێتەوە، ئەمەش لە ڕێی نەخشەی وێنەیی و نەخشەکێشانی مێتافۆڕییەوە دەبێت، کە وەك بابەتێکی کۆنکریتی و بە چەند شێوەیەك لە چوارچێوەی مێتافۆری کاتدا دەخرێنەڕو. (هەندێ دەستەواژەی مێتافۆڕی تایبەت بە کات هەن، کە ئەزمونی ئەبستراکتی کات لەڕێگەی شتە کۆنکریتییەکانی وەك دەفر و کەرەستەکان نیشاندەدەن، بەمەش دەتوانین دەستنیشانی ئەو چەمکە بکەین و بونێکی سروشتی و بەرجەستەییانەی پێبدەین تا باشتر لێی تێبگەین lakoff and 1980:23) .(johnson,

112- تەمەنم پڕ بو لە نەهامەتی.

113- سی ساڵی ژیانی پڕ لە سەرکێشیم بەسەربرد.

114- لەکۆی/ لە ناو کۆی ساڵەکانی تەمەنم بە دوای خۆشبەختیدا دەگەڕێم.

115- لەم ساتەدا ماوەی کارکردنم بە وردی دیارنییە.

116- جارێ کاتەکانم پڕ نەکردۆتەوە/ بەتاڵن. ( لە کاتی دانانی خشتەیەك کە کاتژمێرەکانی تاك بە چالاکییەکانی پڕ بکرێتەوە)

لەم نمونانەدا چەمکی کات وەك بوارێکی مەعریفی ئاڵۆز بە ئەزمونە فیزیکییەکانی مرۆڤەوە بەستراوەتەوە، لە چوارچێوەیەکی مێتافۆڕیدا بەهۆی نەخشەی وێنەیی دەفر/قەبارە Containment schema[xiv] نەخشەی کێشراوە. تیایدا کات وەك دەفرێك سەیرکراوە و قەبارەیەکی لە فیزیکدا گرتوە و شت دەکرێتە ناویەوە.

جگە لەم شێوە بەچەمککردنەی سەرەوە لە قاڵبی مێتافۆڕیی دەفردا، زۆرجار ماوەی دیاریکراوی کات وەك ناوچەیەکی سنووردار دەبێت، تیایدا ناوچە سنوردارەکە وەك دەفرێك نەخشە دەکێشرێت و چاودێرێک لەسەر ڕێڕەوێکدا بە درێژایی ڕێڕەوەکە دەجووڵێت.

117- کوڕەکە یەك کیلۆمەتری لە دە خولەکدا بڕی و براوە بو.

118- بۆ پێنج خولەك بیست کیلۆ قورسایی لە بەرزیدا هێشتەوە/هەڵگرت.

119- لە یەك مانگ دا هیچ باران نەباری.

120- لەم دو حەفتەیەدا ئەرکێکی زۆرم لەسەر شان بو. ڕووداوی (ڕاکردنی یەك کیلۆمەتر، هەڵگرتنی قورسایی و هێشتنەوەی لە بەرزی، نەبارینی باران، لەگەڵ ئەرکی سەرشان ) لە ناو چوارچێوە یان سنورێکی دیاریکراوی کات (دە خولەك، پێنج خولەك ، یەك مانگ و دوو حەفتە) دایە و بە هۆیانەوە کاتەکە وەك دەفرێك دەردەکەوێت، چونکە لێرەدا کات ناوچەیەکی کاتی سنووردارە و وەک دەفرێک بەچەمک دەکرێت. هەروەها ئەو ڕووداوانەی، کە وەک چرکەساتێکی دیاریکراو، یان وەک تاکە بوونێکی درێژنەکراوە و کۆتاییپێهێنەر سەیر دەکرێن بەهەمان شێوە بەچەمك دەکرێن، کە لە شوێنەکانی کاتدا هەڵکەوتن (Lakoff and Johnson , ,1999, 140)

121- کارەساتەکە لە کاتژمێر 10:06 ڕوویدا.

لێرەدا کات وەك کەرەستەیەکی قەبارەدار دەفرێکە/ سنوری کاتە دیاریکراوەکە ، شتێك/ڕوداوێکی تێدا هەڵگیراوە.

جگە لەمانە، چەندین نمونەی تر لە زمانی کوردیدا هەن، کە لە هزردا بە نەخشەی وێنەیی نەخشە دەکێشرێن و مێتافۆڕییانە کات/شتە بە چەمك دەکەن.

### 3-3-3 کات شتێکە دەکرێ (هەڵبگیرێت، پیس ببێت و وەك خەڵاتێك ببەخشرێت).

122- شەو و ڕۆژ دەخەمە سەر یەك.

123- تەمەنت بە گەندەڵی پیس مەکە. (کاتەکانی ژیان)

124- گشت تەمەنم بە تۆ بەخشی.

125- ڕۆژە خۆشەکانت دەبنە یادگاری، بۆیە بزانە چۆن بەسەریان دەبەیت.

لەم نمونانەی سەرەوەدا چەمکی ئەبستراکتی کات لەشێوەی شتێك یا کەرەستەیەك دەردەکەوێت، کە دەتوانرێت وەك بابەتێکی کۆنکریت (بخرێتەسەر یەکەوە، پیس ببێت و وەك خەڵاتێك ببەخشرێت، هەروەها دەتوانرێت هەڵبگیرێت و بمێنێتەوە، یان بگوازرێتەوە لە خاڵ/ شوێنێکەوە بۆ خاڵ/شوێنێکی تر).

### 3ـ 3ـ 4 کات شتێکە سەرەتا و کۆتایی هەیە:

کات وەك ئامانج بە پێی نەخشەکێشانی نەخشەی وێنەیی ڕێڕەو/جولە Path schema سەرچاوەکەی شتێك/شوێنێکە، دەکرێت خاڵی سەرەتا یا دەستپێك و کۆتایی هەبێت.

126– لە تاریك و ڕونی بەیانییەوە دەستی بە ئیش کرد.
127– لە دەستپێکی/سەرەتای ڕۆژێ تا ڕۆژ بە دوایی دێ ڕاناوەستێ.
128– لە کۆتایی حەفتە دەتبینم.

(تاریك و ڕون، دەستپێکی ڕۆژ/سەرەتای کۆتایی هاتنی شەو، کۆتایی حەفتە) وەك کەرەستەیەکی ئەبستراکت پاڵپشت بە وێنە هزرییەکانی هەڵێنجراو لە ئەزمونی تاکدا لە چوارچێوەی (شت/شوێن) دا بە چەمك کراون.

### 3ـ3ـ5 کات شتێکی بەرجەستەیە بەچاو دەبینرێت.

129– هەمو عومران دەبینین هەمو مرادان نابینین.
130– مانگە شەو لە ئێوارەوە دیارە.
131– نیشانەی ڕۆژ لە بنەڕۆژەوە دیارە.
132– ژیانێکی نوێت لەپێشە.
133– سەرمای زستان لە هەوەڵەوە دیارە.

لە هەریەکە لەم نمونانەی سەرەوەدا کات بە شێوەی شتێکی کۆنکریتی دەردەکەوێت، کە دەتوانرێت ببینرێت یان بەرچاوبکەوێت، ئەمەش بەهۆی ئەو نەخشەکێشانە وێنەییەوەیە، کە لە چوارچێوەی قوتابخانەی زمانەوانی/سیمانتیکی مەعریفی و مێتافۆری چەمکییدا کێشراوە.

### 3ـ3ـ6 کات شتێکە توانای کرانەوە و داخرانی هەیە

134– داهاتو بە ڕوم دا داخراوە.
135– کەڵەشێریش نەبێ ڕۆژ ئەبێتەوە.
136– ڕۆژگار ڕوی ڕاستەقینەی هەموان بەدەردەخات.
137– شەو قەپات بو و بە ئەستەم ڕۆژ سەری دەرهێنا.
138– لە چۆڵ و بیابانا بیت لەگەڵ زۆردارا، لەوە باشترە کە ڕۆژ بکەیتەوە لە کۆشکا لەگەڵ نەزانا.

لە نمونەکانی (134، 138،135)، کات وەك شتێك دەردەکەوێت، کە توانای کرانەوە و داخرانی هەبێت، لە دەربڕینەکانی تردا(137،136) کات وەك شتێك وێنا دەکرێت، کە توانای دەرخستن و جیاکردنەوەی باش و خراپی هەیە و پەردە هەڵدەماڵێ لەسەر ڕوە شاراوەکان. ڕۆژیش بونەوەرێکە سەری هەیە، کە لە دوای داخرانی شەوە وە سەر دەردەهێنێت.

### 3ـ3ـ7 کات شتێکی گرنگە:

لە زمانی کوردیدا زۆر جار کات وەك شتێکی گرنگ بەرجەستە دەکرێت و لە ڕێگەی کەرەستەیەکی کۆنکریتییەوە نەخشە دەکێشرێت، تیایدا گرنگی کات و پابەند بونی تاك بە کاتەکانیانەوە دەخرێتەڕو و بەرز هەڵدەسەنگێنرێت.

139– کات سەرپشکی هەمو شتەکانە.
140– ئیشی بە وەختی پاشای سەرتەختی.
141– ئەو چرکەساتانەم نرخی تایبەتیان هەیە.
142– هاوین بەڕی فەقیرە. (بۆ فەقیر گرنگ و خۆشە)
143– قەدری ئەو ڕۆژانە بزانە.
144– ئەو نانە نانە، ئەمڕۆ لە خوانە.

لەم نمونانەدا کات وەك كەرەستەیەکی گرنگی ژیان نەخشەکێشراوە، لەهەمان کاتدا لە نمونەی (144) نرخ و گرنگی کاتی ئێستاش لەبەرچاو گیراوە.

**3ـ3ـ8 کات شتێکە دەکرێت ون ببێت، بژمێردرێت، دەکرێت خاوەندارێتی بکرێت و بکرێتە موڵك، یان شێوەکەی گۆڕانی بەسەردابێت:** کردەی بە مێتافۆڕبون چەمکی کات وەك شتێکی دیار لەبەر چاو ونی دەکات و دەیژمێرێت... چەمکی شەو و ڕۆژ شتێکە، خودی شتی کۆنکریتییش سەرچاوەی هاتنەکایەی ئەو چەمکەیە وەك شت. هەروەها کات وەك هەر شت یان كەرەستەیەك دەکرێت لە ئەنجامی باش بەکارنەهێنانی دەتوانێ ئازارت پێبگەیەنێت.

145– نە شەوم دیارە نە ڕۆژ.
146– شەو و ڕۆژ دەژمێرم.
147– ڕۆژ ڕۆژی خۆمە.
148– ڕۆژێك بۆ تۆ، ڕۆژێك لە دژی تۆ.
149– هەر کە کون دە ڕۆژێ بو هەڵدەستن.
150– کات شیرە ئەگەر نەیبڕی دەتبڕێ.

**3ـ3ـ9 کات جوانکاریی و گەوهەرە/ هۆکارێکە بۆ فێربون:**

لەبەر ئەوەی لە زمان و کولتوری کوردیدا، کات وەك شتێکی بە نرخ تەماشاکراوە، کەواتە دەکرێت لەو فۆڕمە ئەبستراکتەی دەربچێت و لە ڕێی نەخشەوێنەی هزرییەوە ببێت بە گەوهەرێکیش، یان بتوانێت بە تێپەڕبونی بەسەر تاك و هەڵگرتنی ڕوداوەکان لەناو خۆیدا/بە دەفر بون، ببێت بە فێرکاری و تاك پەندی لێ وەربگرێت.

151– ئەو ساتانە/ ئەو ڕۆژە بکە گوارە و بیانکە گوێتەوە.
152– هاوینێ داروبەرد زێڕینێ.
153– ئەو ڕۆژانەت لەبیر نەچن.
154– کات پەندێکی باشی پێدا.

**3ـ3ـ10 کات ئامێرێکی دروستکەرە:**

زۆر جار کات وەك ئامێر یا هۆکارێك بۆ بونیادنان و هێنانەکایەی مرۆڤ، یان شت، بە نەخشە وێنەی هزری وەرگیراو لە ئەزمونی جۆراوجۆری تاکەوە وێنادەکرێت و کاتیان تێدا بەچەمك دەکرێت.

155– ساتە قورسەکان دروست دەکەن.
156– ئەو ڕۆژانە تۆیان دروستکرد.
157– هاوین دۆ زستان لۆ.

لەم نموونانەی سەرەوەدا، كات وەك ئامێرێك وایە، كە دوای تێپەڕبونی تاك بەناویدا، یان تێپەربونی كات بەسەر تاكدا، دروست دەكات، یان لە (157)دا كاتی هاوین هۆكارە بۆ بەرهەمهێنانی بەرهەمێكی دیاریكراو.

### 3ـ3ـ11 كات وەك خواردن تام و چێژی هەیە:

ئەگەرچی خواردەمەنی و كات دورییەكی زۆریان لە نێواندایە، بەڵام ڕێگەی مێتافۆربون دورییەكان ناهێڵێت و بەهۆی ئەزمونكردنی تامە جیاوازەكانی خواردن و دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان تام و هەستە تایبەتەكانی تاك، توانراوە لەو چوارچێوەیەشدا كات بەچەمك بكرێت و بیكاتە خاوەن تامی جیاوازی تاڵ و شیرین یان سوێر..

158– ڕۆژێكی خۆش بو لەگەڵ تۆ.
159– زۆر ڕۆژگاری تاڵ و سوێرم تێپەڕاند.
160– ئەوان لە مانگی هەنگوینی دان. (تامی كات وەك هەنگوین)
161– كاتێكی خۆشم بەڕێكرد.
162– بەڕاستی كاتێكی ناخۆش و بە ئازار بو.

لە دوو نمونەی كۆتاییدا دەكرێت كات وەك هەستیش سەیر بكرێت/ خۆش یا ناخۆش بێت.

### 3ـ3ـ12 كات دەكرێت بكەوێت:

شەو وەك نوێنەری كات دەتوانێت بەسەر مرۆڤدا بێت، وەك كەرەستەیەك لەباری ستونیدا بەسەر مرۆڤدا دەكەوێت.

163– شەوم بەسەر داهات.

لەم نمونەیەدا لەپاڵ چەمكی كەوتنی كات هەستی نەرێنی دەبینرێت لە داهاتنی كاتی شەودا، چونكە لە ڕۆژدا وانییە و بە پێچەوانەوە، لە زمانی كوردیدا داهاتنی ڕۆژ هەستێكی ئەرێنی دەبەخشێت، ئەمەش بۆ تێڕوانینی كورد بۆ شەو و ڕۆژ دەگەڕێتەوە، لە كاتێكدا لە لای نەتەوەكانی دی بە نمونە لای عەرەب بە پێچەوانەوەیە و شەویان لا پەسەندترە، ئەمەش ڕەنگە پەیوەندی بە سارد و گەرمی و باری كەشوهەواوە هەبێت.

164– كە ڕۆژ داهات دەڕۆین.

### 3ـ3ـ13 كات فریادڕەسە:

لە ئاخاوتن و زمانی كوردیدا، چەمكی كات بەو شتە پێویست و فریادڕەسە نەخشەكێشراوە، كە دەتوانێت فریای مرۆڤ بكەوێت و ببێتە یارمەتیدەری لە كاروبارەكانی ژیانیدا، ئەمەش زیاتر بە ڕێگای گونجاو بەكارهێنانی ئاگایانەی تاك و سود وەرگرتن لە كات دەبێت.

165– ئیشی بە شەوێ دیتت لە خەوێ.
166– لە ئێستا گرنگتر سبەیە.
167– لە سبەی زوتر نیە دەست پێدەكەم.
168– جارێ زووە فریای ئیشەكانت بكەوە.

**3ـ 3ـ 14 کات دەرمانە:**

لەم لایەنەی بەچەمککردنی کاتدا، جوڵەی کات و ڕۆیشتنی بەرەو داهاتو/ دورکەوتنەوە لە ئێگۆ بە ئاراستەی داهاتو لەبەرچاو دەگیرێت. لەم نەخشەیەی بەچەمککردندا، کات دەبێتە دەرمانێکی بەسود بۆ ئازار و ناخۆشییەکانی مرۆڤ و بە ڕۆیشتنی کات یان تێپەڕبون پێیدا ئاسودەیی بۆ تاك دەگەڕێتەوە.

169– کات هەمو برینێك سارێژ دەکات.
170– ڕۆژگار چاکت دەکاتەوە.
171– کات دەرمانی هەمو دەردێکە.

**3- 3- 15 کات داپۆشەر و پێویستییە:** کات خاوەن تایبەتمەندی دەرخستن و داپۆشینە. شەو دەتوانێت ببێت بە داپۆشەری هەمو ئەو هەڵە و کەمو کوڕییانەی، کە تاکێك هەیەتی، بەهۆی بونی دیاردەی تاریکی، ڕۆژیش بە پێچەوانەوەیە. لە هەمان کاتدا بۆ بەجێگەیاندنی هەر کارێك کات دەبێت بە شتێکی پێویست تا کارەکان سەربگرن.

172– شەو داپۆشەری عەیب و عارە.
173– پێویستم بە کاتە/کاتی زیاترە.
174– ماڵی دزیەتی مەگەر شەو بکرێ بە خۆدا
175– موورووی ماڵ هاوسێ مەگەر بە شەو بکرێتە مل.

لە (172-175) بە کەرەستەی زمانی ئەوە سەلمێنراوە، کە هەندێ جار کات هەڵە و کەموکوڕیەکانی تاك دادەپۆشێت، بە تایبەتی لە شەودا، لەبەر ئەوەی بە هۆی تاریکییەوە بینین سنوردار دەبێ هەمو شتێك نابینرێت و ئاشکرا نابێت، تەنانەت ئەگەر شتەکان پێویستییان بە نهێنی پارێزی و شاردنەوەش بێت (شتە دزیارییەکان) و خاوەنەکەی لە ڕوی شوێنەوە لە تاك نزیکیش بێ(دراوسێ).

**3ـ 3ـ 16 ڕۆژ شتێکە دەکرێت ڕەنگی جیاواز، لە ناویەوە هەستی جیاواز لەخۆ بگرێت:**

لێرە کات/ڕۆژ بە هەستێکی پەمەیی و ناسکەوە (هەستی خۆشحاڵی و وزەی ئەرێنی/ پڕە لە خۆشحاڵی ) بەراورد کراوە. لە هەمان کات و لە چوارچێوەی بەخشینی ڕەنگەکان بە چەمکی کات، دەکرێ بە بونی ڕەنگێکی هەڵگری وزەی نەرێنی لە چوارچێوەی کولتوری کوردیدا، ڕوداوی ناخۆش لەخۆ بگرێت و بەشێوەیەکی شوم و نەخوازراو دەربکەوێت یا نیشانەیەك بێت بۆ خۆش و ئاسودەیی و بەسەر مرۆڤدا تێپەڕبێت.

176– ڕۆژە پەمەییەکانت بەکۆتا دێن.
177– پولی سپی بۆ ڕۆژی ڕەش.
178– شەممە بار و شەممە کار، هەر بووکی تیا مەکە سوار.
179– شەممە لە مانگ ببڕە.
180– شەممە لە ملی جوولەکەیە.
181– ڕۆژێکی ڕەش بو.
182– ڕۆژە سپییەکان دەکەونە ناوەڕاستی مانگی شەعبان.

ئەم نمونانە لە هەندێکیان ڕاستەوخۆ لە بە چەمککردنی کات دا، ئاماژە بە ڕەنگەکان کراوە و هەستی جیاوازیان لەخۆگرتوە، ئەو هەستانەش هەڵێنجراوی کولتوری کۆمەڵگای کوردین، لە هەندێکیشییاندا هەرچەندە ڕەنگ لەخۆناگرێت، بەڵام لە چەمکی کاتەکاندا هەستی نەرێنی و شومی دەبینرێت.

### 3 ـ 4 کات-بڕ و چەندێتی

یەکێکی تر لەو ڕێگا جیاوازانەی کاتی تێدا بە چەمك دەکرێت، پشت بەستنە بەو وشە و کەرەستە زمانییانەی، کە ئاماژە بە بڕ/چەندێتی/ ژماردن دەکەن. ئەمەش زیاتر ئەو وشانە دەگرێتەوە، کە بۆ ژماردن، یان ئاماژەکردن بە چەندێتی شتە بەرجەستەکان بەکاردێن، پاشان لە ڕێگەی بە مێتافۆرکردنەوە، بۆ شتی ئەبستراکتی وەك کات بەکاردەهێنرێن و بەهۆیانەوە چەمکی کات دەپێورێت، چونکە لە ڕاستیدا بەکارهێنانی دەستەواژەکانی تایبەت بە ڕادە/ بڕ/ چەندێتی پەیوەستن بە شتە بەرجەستە و ئەزمونکراوەکانەوە.

لێرەدا ئاماژە بە هەندێ لەو کەرستە زمانییانە دەکەین، کە بە هۆیانەوە دەتوانرێت ئاماژە بە بڕ و چەندێتی چەمکی کات، وەك مێتافۆرێکی چەمکی بکرێت.

### 3ـ4 ـ 1 وشەی تایبەت بە دەستنیشانکردنی بڕ(زۆر-کەم)

هەریەکە لە وشەکانی (زۆر، کەم، هەندێك، بڕێك، هەمو، گشت، چەندین، هیچ...) تایبەتن بە ئاماژەکردن و ژماردنی بڕی شتێکی بەرجەستە، بەهۆی نەخشەکێشانی نەخشەی وێنەییەوە دەتوانرێت بۆ چەمکە ئەبستراکتە هزرییەکانی وەك چەمکی کات بەکاربهێنرێت، تیایدا چەمکی ئەبستراکتی کات لە شێوەی شتێك یا کەرەستەیەکی بینراو دەردەکەوێت، کە قەبارە و ڕێژەی هەیە و زۆر یان کەم دەبێتەوە، هەروەها لەناویشیاندا دەتوانرێت هەست بە بەرز و نزمی کات بکرێت (زیاتر بەرزە و کەمتر نزمە).

183– کاتێکی زۆرم هەیە.
184– کوڕ هەبێ تاریکە شەو زۆرە .
185– گشت تەمەن/کاتەکانی پێدەبەخشم.
186– هەمو کاتم لەسەر تۆ دانا.
187– مریشک ئەڵێ یاخوا هەموو ڕۆژێ لە ماڵی خاوەنەکەم یەکێ بمرێ.
188– هەندێ کاتی زیاترم پێبدە.
189– جارێ بڕێك کاتم ماوە.
190– هیچ کاتم نەماوە.
191– ماوەیەکی زۆری خایاند.
192– ماوەیەکی کەمی خایاند/پێویستە.
193– کەم ڕۆیشتوە و زۆرتر/زیاتر ماوە.
194– کەمێکی تر دێم.
195– تەمەنێکی کەمت بەڕێکردوە.

لە هەریەکە لەم نمونانەی سەرەوە ئاماژە بە ڕێژە و بڕی کات کراوە، بەهۆی وشەکانی تایبەت بە چەندێتی و بڕ، چەمکی کات لە شێوەی شت/مادەیەکی کۆنکریت، کە قەبارەیەك لە بۆشاییدا دەگرێت دەردەکەوێت. کەواتە کات دەکرێت شێوەی مادەیەکی قەبارەدار وەربگرێت و ڕێژەکەشی بپێورێت.

### 3-4-2 ژمارە

هەر لە گەیاندنی بڕی چەمکی کات لە زمانی کوردیدا، زۆر جار پشت بە خودی ژمارە دەبەسترێت و بڕی کاتی پێ دیاری دەکرێت/دەپێورێت. لە هەمان کاتدا شتێکی ژمێردراوە.
196– لە یەك سعات/کاتدا چەند ئیشێکی دەکرد.
197– نە ساڵی دوو بەهار نە پیاوی گوێ بەگوار.
198– ڕۆژ بە پەنجە دەژمێرێت .

**3ـ 4ـ 3 وشەکانی تایبەت بە درێژی (کورت، درێژ، نزیك ، دور):xv**

ئەو وشانە هەرچەندە بۆ پێوانی بڕی درێژی و کورتی کەرەستەیەکی بەرجەستە بەکاردێن، یان ڕادەی نزیکی و دوری شوێن/شتێك نیشاندەدەن، بەڵام دەکرێت بۆ ئاماژەکردن بە هەمان جۆری بڕ و ڕادەی چەمکی کاتیش سودیان لێ وەربگیرێت.

199- ڕۆژێکی درێژم بەسەربرد.
200- تەمەنی کورت بو.
201- لە ئایندەیەکی نزیکدا سەفەر دەکەم.
202- ساڵانێکی دور و درێژی پر نەهامەتیمان تێپەڕاند.

لەپاڵ ئەم دەستەواژانەدا، خودی وشەی (سات) لە زمانی کوردیدا ڕاستەوخۆ ئاماژە بە کورتی کات دەکات:

203- دیدەنی یاران چ ساڵێ چ ساتێ.
204- دیتنی ئازیزان ساتێك و ساڵێك بی هەر وەك یەکە.

ساڵ و سات وەك یەکەیەکی کاتی هاوشێوە نیشاندراون، بەیەکەوە هاتنیان لەم دەربڕینەی سەرەوە، ویك دو وشەی پێچەوانەن و ئاماژەن بۆ هەست پێنەکردنی کات یان کەمبونەوەی ماوەی کات ئەگەرچی لە فیزیکدا کاتێکی زۆریش بێ، ئەمەش پەیوەستە بەو هەستە دەرونی-ناوەکییەی تاك، کە لە بەرامبەر ڕوداو و کەسەکانی دەوروبەری هەستی پێدەکات، نەك کاتی ڕاستەقینە(فیزیك).xvi

**3ـ 4ـ 4 وشەکانی تایبەت بە کۆن و نوێ:**

هەروەها وشەکانی (کۆن، نوێ) لەو وشانەن، کە ڕادەی نوێیەتی یا کۆنبونی کەرەستە و شتی بەرجەستە نیشان دەدات، بەڵام بۆ ئاماژەکردن بە کاتیش پشتیان پێ دەبەسترێت. بۆ کاتێکی زو/ ڕابردو وشەی کۆن و بۆ ئێستا یان ڕابردویەکی نزیك نوێ بەکار دێت.

205- ئەو هەواڵە زۆر کۆنە.
206- لە مێژوی کۆندا نوسراوەتەوە.
207- لە سەردەمی کۆن بەکار هاتوە.
208- ئامەزرۆی ئەو ڕۆژگارە کۆنانەم ، کە هەمانبو.

لێرەدا کۆن وەك کات، چەمکێکی مێتافۆڕی وەرگرتوە، بە واتای ماوەیەکی زۆر پێش ئێستا هاتوە. لە ئەنجامی نەخشەکێشاندا، لە زۆر تێپەڕبونی کات و کەڵەکەبونی ماوە لەسەر یەکتردا واتای کۆنی گەیاندوە.

زۆرجار وشەی (نوێ) لە زمانی کوردیدا، واتای ئێستا، یان ڕابردوویکی نزیك دەگەیەنێت:

209- لە ڕۆژگاری نوێدا تەکنەلۆژیا حوکم دەکات.
210- هەواڵێکی نوێیە.

**3ـ 4ـ 5 وشەی تایبەت بە دەستنیشانکردنی خێرایی( زو):**

بە پێچەوانەی دەستەواژەکانی پێشو، ئەم وشەیە بەچەمك دەکرێت و لە چوارچێوەی نەخشەی وێنەیی کات-چەندێتی دا هەم بۆ ڕابردو و هەم بۆ ئێستا/ داهاتو بکاردەهێنرێت:

211- لە زووەوە ئەوان لێرە ئەژین.

لێرەدا لە (211) زو بە مەبەستی کاتی ڕابردو بەکارهێنراوە.

212– بەمر زووانە دەگات.

213– بەمر زووانە دێم.

بەڵام لەم نمونانەدا(212-213) ئاماژەیە بە ئێستا-داهاتو.

هەروەها لە زمانی کوردیدا هەندێ وشەی تر هەن، کە ئاماژە بە خێرایی کات دەکەن و دەتوانرێت هەمان واتای (کەمر و زۆر) یان پێبدرێت.

214– لە پرێ بو بە کورێ.

215– لە ناکاو ڕویدا.

ئەم وشەیە ئاماژەیە بۆ خێرایی کات و خایاندنی بڕ/ ماوەیەکی کەمر لە گۆڕانی ژیانی تاکدا. واتە بون و ڕودانی گەورە و لەناکاو لە ماوەیەکی زۆر کەمدا، لە کاتێکدا ڕوداو یان کارەکە پێویستی بە کاتێکی زۆرتر بێت بۆ ڕودان و تەواو بونی.

## 4ـ ئەنجام

- پێوانەکردن یەکەیەکی سەرەکییە، بۆ ئاماژەکردن بە ڕێژە، درێژی، کورتی، قەبارەی شتە کۆنکرێتییەکان لە ژیانی مرۆڤ/کورد دا پشتی پێبەستراوە و بەشێوەی ئەزمون لە سیستەمی هزرییدا جێگیر بوە، دواتر لە زماندا و لە پێوانەکردنی شتە ئەبستراکتەکانی وەك کات ڕەنگی داوەتەوە.
- کات یەکێکە لەو بابەتە سەرەکییانەی، کە لە زمانی کوردیدا لە پاڵ پشت بەستن بە یەکە زمانییە پێوانەییەکان، لە ڕێی پرۆسەی مێتافۆڕیی چەمکییشەوە پێوانە دەکرێت.
- لە زمانی کوردیدا بە پشتبەستن بە تیۆری نەخشەی وێنەیی، چەمکی کات بە بەکارهێنانی فۆڕم و کەرەستە زمانییەکانی تایبەت بە شوێن/فەزا دەردەبڕدرێت و لە چوارچێوەی سیمانتیکی مەعریفی، هەمەجۆرییەکی بەرچاو لە تایبەتمەندییەکانی چۆنیەتی فەزاییکردنی کاتدا هەیە، نەخشە وێنەییەکانی کات-شوێن، کات-شت، کات جوڵە و کات چەندێتی وەك هاوکێشەی جیهانی و نەخشەیەکی وێنەیی گشتی، بە هەمەچەشنی ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن لە خستنەڕوی چەمکی کاتدا و بە تەواوی لەگەڵ زمانی کوردیدا دەگونجێن.
- کات لە ڕێی کردەی بە مێتافۆڕبونەوە وەك شت و شوێن خۆی دەنوێنێ و دەتوانرێت ببێتە خاوەنی زۆرینەی تایبەتمەندییەکانی وەك شتێکی (گرنگ و بەهادار، جوان، ئاگادارکەرەوە، ترسێنەر، بەسود، هۆکارێك بێ بۆ فێربون، ببێتە ئارەزو و هەوڵی بەدەستهێنانی بدرێت، توانای کرانەوە و داخرانی هەبێت، ببێتە سارێژی برینەکان، لە هەندێ بارودۆخدا فریای تاك بکەوێ و ڕزگاری بکات، وەك خواردەمەنییەکان تاموچێژی تایبەت ببەخشێت، بژمێردرێت، دور یان نزیك بێت، کۆن یان نوێ بێت، زۆر یان کەمر بێت) هەروەها دەکرێت وەك شوێنێك (بەناویدا تێپەڕببیت، هەوڵی پێگەیشتنی بدرێت)، وەك زیندووێك )ڕۆڵ ببینێت، بجوڵێت و بەرەو پێشەوە بچێت، یان وەستاو بێت و تاك بەناویدا جوڵەبکات...)

## لیستی سەرچاوەکان:

### سەرچاوە فارسییەکان:

#### 1-کتێب:

- افراشی، ازیتا. (1395)، مبانی معناشناسی شناختی، پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی، چاپ اول ، تهران.
- افراشی، أزيتا (1392-1391)، استعارهاي مفهومي از منظر معنيشناسي شناختي، يك تحليل پيكرهمدار، پژوهشگاه علوم انسانی و مطلعات فرهنگی.

#### ٢- گۆڤار:

- صحرایی، قاسم و زهرهوند، سعید و سیده زاهدي، اکرم و صادقی- طاهره(٢٠٢٢)، تحصیلی بررسی استعارة مفهومی زمان در شعر حافظ و جهان ملک خاتون، تحصیلی گروه زبان و ادبیات فارسی، دانشگاه لرستان، خرم آباد، ایران، نشریه علمی سبک شناسی نظم و نثر فارسی، دوره 15.

**سەرچاوە ئینگلیزی:**

**1 - کتێب:**

- Dancygier. Barbara(2017), The Cambridge Handbook of Cognitive Linguistics, Cambridge University Press.
- Evan-, Vyvyan and Green, Melanie (2006), COGNITIVE LINGUISTICS: AN INTRODUCTION, Edinburgh University Press Ltd 22 George Square, Edinburgh.
- HERBERT H. CLARK (1973), SPACE, TIME, SEMANTICS-, AND THE CHILD, Cognitive development and the acquisition of language (pp. 37-63), Academic Press, Stanford University, New York, , 59.
- john I. Saeed (2016), Semantics , Fourth Edition , first published.
- John I. Saeed, Semantics , first published, 2016, 359
- Lakof-, George and Johnse-, Mark (198.), *Metaphors we live by*.
- Lakoff. George and Johnson. Mark (1999), philosophy in the Flesh THE EMBODIED MIND AND ITS CHALLENGE TO WESTERN THOUGHT, published by basic books, newyork.
- Man. Adam(2017), **The Strange Connection Between Einstein, Time, And Linguistics**,sep 5
- Olivier Le Guen and Lorena Ildefonsa Pool Balam, No metaphorical timeline in gesture and cognition among Yucatec Mayas, frontiers in psychology, 10 Augusy, 2012

**2- ئینتەرنێت:**

- The Editors of Encyclopaedia Britannica, 2024, **Measurement,** Available at: https://www.britannica.com/technology/ .

## Conceptual Metaphor of Measuring Time in Kurdish Language

**Gulchin Azeez Muhammad Ameen**
Department of Kurdish Language, Faculty of Arts, Soran University, Soran, Kurdistan Region, Iraq
gulchin.muhammadamin@soran.edu.iq

**Qais Kakl Tofiq**
Department of Kurdish Language, Faculty of Arts, Soran University, Soran, Kurdistan Region, Iraq
qais.kakl@soran.edu.iq

**Abstract**
This research is entitled (Conceptual Metaphor of Measuring Time in Kurdish Language). The study is an attempt to show the Kurdish views about measuring time as a cognitive concept, within the framework of conceptual metaphor in Kurdish language. It refers to the schema of the concept of time as place, and how the abstract concept of time appears in concrete forms (objects, movements and quantities) in Kurdish language .
The data were taken from the daily speech of the speakers of the middle dialect of Kurdish. Most of the data were widespread orally and were taken from the ordinary speech of the speakers, while some of them have taken more cultural forms and have been recorded in Kurdish dictionaries.
For the data analysis the study relies on schema theory, mapping, proposed by Lakoff and Johnson within the framework of the school of cognitive linguistics/semantics. Moreover, it refers to how it reflects the individual's experience (such as the main views of school of cognitive semantics) and the principle of forming a pictorial mapping of the Kurdish individual's thought system and its reflection in his speeches have been interpreted as necessary.
**Keywords**: Cognitive semantics, metaphor of the concept of time, measurement, time/space-movement-quantity.

## الأستعارة المفاهيمية الوقتية في اللغة الكوردية

**گوڵچین عزیز محمدامین**
قسم اللغة الكردية، فاكلتی اداب جامعة سوران- سوران- إقليم كردستان - العراق
gulchin.muhammadamin@soran.edu.iq

**قیس کاكل تۆفیق**
قسم اللغة الكردية، فاكلتی اداب جامعة سوران- سوران- إقليم كردستان - العراق
qais.kakl@soran.edu.iq

**الملخص**
يسعى هذا البحث الموسوم ب(الاستعارة المفاهيمية الوقتية في اللغة الكوردية) الى الاظهار رؤية الكورد الى القياس الوقت كمصطلح معرفي في إطار الاستعارة المفاهيمية في اللغة الكوردية.
و قد أشير فيه الى الخطاطة الصورية لمصطلح الوقت كمكان، مع كيفية ظهور مصطلح الوقت التجريدي في الشكل الملموس: (الشئ، الحركة، الكمية) في اللغة الكوردية.
بيانات البحث مأخوذة من الكلام المتداول اليومى لمتكلمي اللهجة الوسطى (الكرمانجة) للغة الكوردية، و أكثر البيانات منتشرة بشكل شفوى في الكلام العادى لدى متكلمى اللغة, و بعضها تأخذ مظهرا ثقافيا و مسجلة في المعاجم الكوردية. و اعتمد البحث في التحليل البيانات على نظرية الخطاطة الصورية و الخرائط , و هي نظرية ظهرت على يد (لاكوف و جونسن) في إطار المدرسة اللسانية المهتمة بالدلالة المعرفية. و تمت الإشارة الى كيفية انعكاس التجربة الفرد (كالنظرة الرئيسة في مدرسة الدلالة المعرفية)، و مبدأ تكوين الخطاطة الصورية في نضام ذاكرة الفرد الكوردى، و انعكاسه على محادثاته اليومية.

**الكلمات المفتاحية:** الدلالة المعرفية، الاستعارة المفاهيمية الوقتية، القياس، الوقت/المكان-الحركة- الكمية.

**پەراوێزەکان**:

[i] - شێخانی، عەبدولوەهاب (2007)، فەرهەنگی کات لە کوردەواریدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی دارا، هەولێر.

[ii] - شێخانی، عەبدولوەهاب (2020)، فەرهەنگی جۆخین، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.

[iii] - لێرەدا تەنیا ئاماژە بە شوێن-کات کراوە، بەڵام مەبەست لە هەمو نەخشە وێنەییەکانی کات-( شوێن، شت، جوڵە، چەندێتییە)، چونکە ئەم توێژینەوەیە پشتگیری لەم بۆچونە دەکات، کە دەڵێ: هەمو ئەو نەخشە وێنەییانە کات-( شت، جوڵە، چەندێتییە) لە چوارچێوەی نەخشەی وێنەیی کات-شوێن دێتە کایەوە.

[iv] - (پێدانی سیما و تایبەتمەندییەکانی مرۆڤ بە شتەکان بە پشتبەستن بە مێتافۆڕ)

[v] O'Brian فیزیازان، سەرۆکی بەشی کات و فریکوێنسی پەیمانگای نیشتمانی ستاندارد و تەکنەلۆژیا دەڵێت: کات و شوێن پەیوەندییەکی نزیکیان بەیەکەوە هەیە، لە ژیانی ئاسایی مرۆڤایەتیماندا کات و شوێن وەک دو شتی جیاواز ئەزموون دەکەین، بەڵام لە ڕاستیدا ئەمە وەهمێکە(Adam Man, 2017, sep 5).

[vi] ئەم دەربڕینە هەڵێنجراوی کلتور و تێڕوانینی کۆنی کوردە بۆ وەرزی زستان و مەرج نییە کاتی ئێستا بگرێتەوە.

[vii] وشەی هاوینەهەوار(لە کوردستان هاوینەهەواری خۆش هەیە) یەکێکە لەو نمونە سەرەکییانەی کە کات و شوێنی لەیەك وشەدا کۆکردۆتەوە، بەڵام واتاکەی فراواوتر بوە و ئێستا زیاتر لەو واتا تایبەتییەی دەگرێتەوە، بە واتای هەمو شوێنێکی گەشتیاری دێت.

[viii] ئی.کلارک (a1971) ئاماژە بەوە دەکات، کە پرسیاری (کوڕەکە کەی بازێکی بەسەر سیاجەکەدا هەڵدا؟) ئاراستەی منداڵان کرا تا بزانرێت چۆن کات دەردەبڕن، منداڵەکان وەڵامیان دایەوە "لێرە" یان "هەر لەوێ". ئەم وەڵامە شوێنییە بۆ کاتی پرسیارەکە لەگەڵ ئەو تێڕوانینەدا یەکدەگرنەوە کە دەربڕینی کات لەسەر بنەمای مێتافۆری شوێنی دوای بەدەستهێنانی زاراوە فەزاییەکان دەبن. دەربڕینی کات سەرەتا وەک دەربڕینی فەزایی لێکدەدرێتەوە ,(HERBERT H. CLARK, 37-63) .1973, 59)

[ix] - بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە :

Olivier Le Guen and Lorena Ildefonsa Pool Balam, No metaphorical timeline in gesture and cognition among Yucatec Mayas, frontiers in psychology, 10 Augusy, 2012, 1

[x] ئەم بابەتە لە توێژینەوەیەکی سەرەکی، لە چوارچێوەی مۆدێلە مەعریفییەکانی کات، چۆنییەتی جوڵانی کات و ئیگۆ بە وردی ڕون کراوەتەوە، بۆیە و بە مەبەستی دوبارەنەبونەوە لێرەدا بەفراوانی ئاماژەی پێنەکراوە.

[xi] ئەگەرچی لە دایك بون تایبەتمەندییەکە جگە لە مرۆڤ زۆر زیندەوەری تریش هەیەتی، بەڵام لێرەدا وەك دەستەواژە تایبەتمەندێتی مرۆڤی هەڵگرتوە.

[xii] دەکرێ شەق لێدان جگە لە مرۆڤ، ئاژەڵیش وەك بواری سەرچاوە هەڵبژێرێت.

[xiii] ئەم بابەتە وەك تەوەرەیەکی سەرەکی لەم تێزی دکتۆرایە بە وردی ڕونکراوەتەوە، بۆیە لێرەدا ڕونکردنەوەی زیاتر نەدراوە.

[xiv] ئەم بابەتە لە بەشی تیۆری ئەو نامەی دکتۆرایەی، کە ئەم باسەی لێعەڵێنجراوە زۆر بەوردی ڕونکراوەتەوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ,John I. Saeed Semantics , first published, 2016, 359

[xv] درێژەی زانیاری لە بارەی ئەم وشانە لە بابەتی پێشوتری تێزی دکتۆراکە دایە و لەوێ زیاتر و وردتر ڕونکراوەنەتەوە.

[xvi] هەستی ناوەکی و ئەزمونی هەستی جوڵەیی لە درێژەی دکتۆرانامەکە ئاماژەی پێکراوە، بۆیە لێرە زیاتر لێی ورد نابینەوە.